# خەزانی عەشق

هۆنراوەی: ئیسماعیل شەمزینی

2004/4/10

وام ئەزانی رۆژگارێك دێ

لە ناو دەریای خەونەكانمدا

ئەبیت بە بوكی ئێوارەكانم و

دوا چركەكانی تەمەنم

بە دیار چاوە پڕ لە ئەفسونیەكانتەوە

بەرێ ئەكەم

وام ئەزانی ئەبیت بە نمەی باران و

بە سەر باغچەكانی ڕۆحمدا دادەباری

وام ئەزانی ئەبیت بە ئەستێرە و

لە شەوانی تەنهایی مندا گۆرانیم بۆ ئەچڕی

وام ئەزانی هەواری ئەشقم

بە تاڵە زۆلفەكانت ئەنەخشێنی و

بۆ سەمای عەشقم ئەبیت بە سەمفۆنیا

وام ئەزانی ماچەكانی من

لەسەر گۆنا و لێوەكانت هەڵئەگریت و

وەكو ملوانكەیەك بە گەردەنتا هەلئەواسی

وام ئەزانی تینوێتی گەروی ووشكم

بە دلۆپە فرمێسكەكانت ئەشكێنی

ئەو ئێوارەیەی خۆم و قەلەمەكەم

لە ناو دەفتەری شیعرەكانمدا

بۆ سەرگوزەشتەی خەونەكانم ئەگەڕاین

نەمدەزانی بوكی ئێوارەكانم ئەتۆرێنی و

نیگاكانم خامۆش دەكەی

نەمدەزانی بە نمەی بارانت

خۆزگەكانم دەخنكێنی

نەمدەزانی تاڵ تاڵی زولفت
منی دووره شارت گیرۆده دەكات  و
پەنجەكانی شاعیرانەم دەشكێنی
نەمدەزانی لێوانی لێوان لێو لە درۆكانت
لێوه داماوەكانم دەخەڵەتێنیَ
ئەو كاتەی بۆ عەشقت شیعرم ئەچنی
ئا ئەو كاتە تۆش
ساتە سەرشێتەكانی ژیانمت بەر با ئەدا
گەڵا سەوز و پر موحیبەتیەكانی تەمەنمت
بە دیار ئێوارەیەكی بیَ خۆرەوه
هەڵئەوەراند و
خورپەكانی دڵمت كپ ئەكرد